

# میوانی درەنگ وەخت

زاهیر سەوز
(سوید)

دیار کە هاتە دەنگ، ئازاری بێ دەنگی دەیهاڕی! ماوەیەکی زۆرە وەک مۆم دەتاوێتەوە و دەسووتێ، دڵنیام ژان گەیشتووەتە پەڕەی دڵ و حەوجەی بە کەسێکی دڵسۆزە برین و زامی بە سوێی ناخی بهەنوێ، ڕووی کردە من و لە ژێر لێوەوە:

+ نەوزاد لە تۆ زیاتر کەسێکی دیکەی متمانەپێکراو شک نابەم گوێم بۆ ڕادێرێت و چیرۆکی عیشقی نابەکامی میوانی درەنگ وەختی بۆ بگێڕمەوە.

– فەرموو:

بە دەم بادە نۆشینەوە، کەوتە هەڵکردنەوەی کلافەی ژانی ئەو خەمە قورسەی چەندان ساڵە لە کۆڵی ناوە و پێوەی دەتلێتەوە، هەر لە زەردەپەڕی دەمەو ئێوارە، تا هەڵهاتنی کازیوە، ئەو قسەی کرد و منیش بێ دەنگ گوێم بۆ ڕادێرا و سەرم بۆ لەقاند، من تا کۆتایی گوێگر، ئەویش بێ حەپولک وەک چیکەنەی ئاش بێ دەنگ نەبوو.

دوولێوی وشکبووی هەڵهێنایەوە و هاتە ئاخافتن.

– کلۆکلۆ بەفر دەنیشتە سەر لقوپۆپی درەختە هەمیشە سەوزەکان و ڕەشایی شەقام و پێ ڕێی بەردەم ماڵەکانی دادەپۆشی، بارستایی بەفر لە هەڵکشاندا بوو، سەرما لە ڕادەبەدەر، پێوانەی گەرمیپێو لە دەرەوە دوازدە پلە لە ژێر سفرەوە دەخوێنێتەوە، ئامێرەکانی ڕماڵینی بەفر و ڕشتنی خوێ و وردە زیخ، لە سەر شەقام و پێ ڕێیەکان لە خرە نەدەکەوتن.

ئەو شەوەیش وەک شەوانی زستانی ولاتی ورچ و کەڵەکێوی و مامز، سپی پۆش بوو، منداڵە چەتوون و

چاونەترسەکانیش، پۆشتە بە پۆشاکی گەرم و پێڵاوی ناوپۆش تا سەرو ڕەقەڵەی پێ، وەک کەروێشک لەناو بەفردا قوونەیان دەکرد و لەگەڵ سەگەکانیان ڕاوە ڕاویان بوو.

بەشێکیشیان لە بەرزاییەکەی بەرانبەریان، بەسەر گالیسکە و بەکنگە خلیسکێ بۆ دامێنی خوارەوەی گردەکە خۆیان دەخزاند، چەشنی ورچی سپی ناو دارستانەکان، باکیان بە سەرما و بەفر نەبوو، بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەخرنگانەوە، دووبارە و دووبارە بە گردەکەدا هەڵدەگەڕان و گالیسکەکانیان بە دوای خۆیاندا بەرەو ترۆپکی گردەکە کێش دەکرد و ماندوو نەدەبوون.

دایکان و باوکانیشیان لە نزیکەوە، چا و قاوەیان دەنۆشی و شیرینییان دەخوارد، منداڵ و سەگەکانیشیان بێ بەش نەدەکرد و ڕازی قسەیان دادابوو، هەندێک جار بەرەو منداڵەکانیان دەچوون و دەستیان دەدایە باڵیان و دەیانهێنانە سەرپێ، دیار وەک بارانی پەڵە وشەی لەزار دەباری.

+ منی ڕەبەن و تەمەن هەڵکشاو، چەند هەنگاوێک دوور لە کۆڕبەندی دایکان و باوکان و منداڵەکانیان، لە حەوشەی بێ پەرژینی ماڵەکەم، لە دەلاقەی درەختە هەمیشە سەوزەکانەوە، سەرنجم لە بەرزاییەکەی ئەوبەر دەدا و دەنگی تەلەڤزیۆنەکەش دڕی بە خامۆشی و بێ دەنگی ژوورەکە دەبەخشی.

لەبەر خۆیەوە:

(ئاخ تەنیایی، ماڵ زیندانە، تەنیایی سەرگەردانییە.)

+ حەیف بۆ تەمەنی بەسەرچووی پڕ لە دڵەڕاوکە و لیپاو لیپ لە ترس و تۆقاندن بە جنۆکە و شەولەبان، ترس لە تەڕوتووشی، لە ترپەی دەنگی دڵۆپەی بنمیچ، لە سەرما و حەیزەرانەکەی دەستی بەڕێوەبەری قوتابخانە و سووکایەتی مامۆستای جوگرافیای وڵاتانی عەرەبی و نەزانینی وەڵامی پرسیار، ئەو ڕستە قێزەونەی کە باوکان لە بەردەم ئێمەی کزۆڵە، دەدرا بە گوێی ئێمە و بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستا و تەنانەت بەردەستەکانیش، (گۆشتەکەی بۆ ئێوەی مامۆستا و ئێسکەکانیشی بۆ منی باوک.)

سەرەڕای سک هەڵگوشین و رووتورەجاڵی و پێ خاوسی و وشک و سەپێ و چڵمی وشکبووی سەرقۆڵی چاکەتی پینەکراو.

بێ ئەوەی بە خۆم بزانم سەرم بە لای گەرمیپێوی ژوورەکەدا بەرزکردەوە، (٢٤) پلە لە سەرو سفرەوەیە، لە دیوی دەرەوەش تف هەڵدەیت دەیبەستێ، ناخ بریندار و ئازاراوی. لە هەڕەتی لاویدا، گرووشم گرت، کەس نازی هەڵنەگرتم و کەسیش بە دڵدار وەری نەگرتم، لە ترسی لۆمە و گاڵتەپێکردن و پرسیاری چۆن (یار)ت نییە، ڕازی دڵم بە کەس نەگەیاند، بە درێژایی تەمەن و چاوەنواڕی، لوتفی یار نەباری، زۆر چاوەنواڕ، و دڵم واڵا بوو، ئەوەی دەهاتە پێش لە ڕێوە دەیگوت خانووت هەیە؟! مووچەکەت چەندە؟ مارەییەکەم بە چەند لیرەی زێڕی غازی ڕەشاد دەنووسیی، بە خۆما هاتمەوە، سەرنجی ئەو کەلێن و تاشە بەرد و دەوەن و شمەکی ژێر درەختە قەد ئەستوور و هەڵچووەکانی دەوروبەری قوتابخانەکەم دا، بە مەزندە و لە نزیکەوە ئەستووری بەفری نیشتووی سەر پەرژینی ئەلەمنیۆمی پێشی باڵکونەکەم، بە زیاتر لە دوو بست پێوانە کرد، قیرەی قەلەباچکەی بنمیچی باڵکۆنەکە ڕایچڵەکاندم، ئەم میوانە خۆسەپێنە، لەگەڵ ئەوەی ئەرکاوییە و دەبێت جیقنەکانی خاوێن بکەمەوە، نامەوێت لانەی لێ بشێوێنم و تەرەی بکەم.

ئەو شەوە جیاواز لە شەوانی پێشوو، چاوم بڕییە ئەودیوی پەنجەرەکە و پشتم کردە پەردەی تەلەڤزیۆنەکە، کات درەنگە شەوێکی پاچرا بوو، لایتی ئامێرەکانی ڕامالینی بەفر و خڕەی تایەی ماشێنی زیخ و خوێ ڕێژەکە، ڕێگەپێدراو بوون لە ناوەختیشدا کار بکەن، ئەگەرچی بێزارکەر و خەوزڕێنیش بن، بۆ ئەوەی هاتوچۆ ئاسایی بێت و ڕێگە نەگیرێت.

لە ناکاو زەنگی مۆبایلەکە پەردەی گوێمی لەراندەوە و ڕایچڵەکانم، بە پەلە دەستم دایە،

+ بەڵێ.

دەنگێکی ناسکی ئارەزوو بزوێن هاتە گوێم

– شەوباش.

+ شەوی تۆش باش، فەرموو.

– جەنابتی؟!

+ کێت ئەوێ؟! بڵێی بەم درەنگە شەوە، بە هەڵە تێلت کردبێت؟!!

– نەخێر.

+ کێی جەنابت؟!!

- بۆ هێندە بە پەلەیت!، لەماڵەوەیت؟!
+ بەڵێ.
- تەنیایت؟
+ بەڵێ، بەڵام تۆ کێیت و چیت دەوێ؟!
-کە هاتم دەمناسیت.
+ بەم درەنگە شەوە؟ سەرەڕای سەرما و بەفر و شەختە؟!
-گرنگ نییە، نزیکم، کە زەنگم لێ دا، دەرگەم لێ بکەوە.
قومێکم لە پێکەکەم دا، لەبەر خۆمەوە:
(پێ دەچێت مەست بم، دوور نییە ئەم تێلە پێ ڕابواردن بێت، دەنا بەم نیوەشەوە، بەم سەرما و زەقیانەتە ئەگەر تف هەڵدرێ دەیبەستێ، دەشڵێت نزیکم).
دیارە بێ کارە و خەو لە چاوی زڕاوە، بە ئاگایە و بە من ڕادەبوێرێ.
لە ژمارەی ئەو مۆبایلەی تەلەفۆنەکەم بۆ کرا، ورد بوومەوە، ئەوە یەکەمین جارە ئەم ژمارەیە پێوەندیم پێوە دەکات، ئەگەر بیەوێت خۆی حەشار بدات و نەناسرێت، ئەوە کێشە نییە، بە سانایی سیم کارتەکە دەگۆڕێ و ژمارەیەکی دیکە بەکار دەبات.
لەگەڵ خۆمدا کەوتمە ئاخافتن:
(ئێ باشە، چیم لە کیس چووە، ئەگەر ڕاست دەرچوو بەخێربێت، ئەگەر ڕابواردنیش بوو ماڵی ئاوەدان.)
شەوانە تاک و تەنیا، لە وەهم و خەیاڵدا پێڵووی چاو لێک دەنێم، لە بێ ئاگاییدا چاوەنواڕی کەسێکی ئازارچێژ بووم، تا لە نزیکەوە هەستی ئەرێنی، یان داوای من و (نەء)ی ئەو پەردەی گوێم بلەرێنێتەوە، ئێ باشە، ئەی ئەو بۆ بەرەو ڕوو نایەت و دەسپێشخەر بێت!
لەم کاتەدا میوانی قەدەری من، لە دەرگەی دا کە دەرگەم کردەوە،
زمان لە ئاستیا لاڵ، گوێ لە بەرانبەری کپ، چاو لە ڕوویدا داخراو، دڵ لە ئاستیدا کڕنووشی برد.
+ فەرموو.
لێی ورد بوومەوە، خۆیەتی، بەڵێ خۆیەتی.. بە لەچکەکەی بەفری سەروشانی تەکاند، بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا و دەرگەی دەرەوەی کلیل دا.
+ بە خێرهاتی، لەمێژە چاوەنواڕی ئەم هەنگاوەم دەکرد، ئەوە ئازایانە دەستپێشخەرییەکە بۆ تۆ تۆمار کرا.
بەرانبەرم دانیشت، بەرلەوەی دوو لێوی هەڵبێنێتەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە
+ پێکێک ویسکیت بۆ دروست بکەم؟
- ئا.
بە پەلە نیوەی پەرداخەکەی هەڵدا و دەستی برد بۆ دوو دەنک بستە و بە نینۆکەکانی ناوکی بستەکەی دەرهێناو لە زاری نا.
هەرچەندم دەکرد باوەڕم بە خۆم نەدەکرد کە خۆیەتی. بەڵێ، ئەی بۆ بەم درەنگە شەوە، ماوەی دە ساڵە لە پەراوێزدایە و بێ دەنگە، پەرداخەکەی داناو چاوی تێبڕیم و وتی:
- بۆ هەنگاوت بەرەو ڕووم نەنا؟!
+ دەترسام.
- لەچی؟!
+ نەبادا ڕووم بشکێنی و (نەء)ێکی ئازاراوی بەسوێ بدەیت بە ڕوومدا.
- ئێ خۆ دنیا ژێرەوزەبەر نەدەبوو.
+ لای من دەبوو، چاوەنواڕی، نائومێدی باشتر و خۆشترە.
- باشە، ئەوە من دەستپێشخەر بووم و پشتم کردە کولتووری باو، کە پیاو هەنگاو بنێ، دەمەوێت بزانم تۆ هەستت بەرانبەر من چییە؟!
+ دەتەوێت بۆتی دووبارە بکەمەوە، ئەگەر لە هەستی من دڵنیا نەبوویتایە، بەم درەنگە شەوە زەقیانەتە، زاتت نەدەکرد و بە قەناعەتی دڵەوە ئەم هەنگاوەت نەدەنا.
- دەمەوێت لە زاری خۆتەوە، ڕووبەڕوو گوێم لەو پەیمانە بێت.
+ پەیمانت دەدەمێ، ڕۆژانەش ئەو پەیمانەت بۆ نوێ دەکەمەوە، کە زیاتر لە تۆ کەسم خۆش نەویستووە.
- بەنسبەت منیشەوە، هەمان شێوە و پەیمانی وەفایە، باوەڕت هەبێ، زۆر لەمێژە ئەم خۆشەویستییەم لە دڵدا حەشار داوە، ئەوە ئەم شەو بۆتی ئاشکرا دەکەم.
+ منیش بە هەمان شێوە، خۆشەویستی تۆ لە ناخمدا ڕەگی داکوتاوە و گەڵای سەوزە و هەر بە سەوزیش دەمێنێتەوە، عیشقی ڕاستگۆ بەرانبەر تۆ لە دڵدا ڕۆیشتووە.
- ئەمشەو لای تۆ دەمێنمەوە.

تا گزنگی خۆر دەست لەملان، بەدەم ئاواز و سەدا و نەغمەی پەیڤینەوە، خەو لە چاوان نەکەوت، لەگەڵ هەناسە و ئاهەکانیدا، دەیویست ئازارەکانی ناخی بە با بدات، چرکە بە چرکە، پێ بژێری تەمەنی فیراقی بە عیشوە و ناز پارسەنگ دەکرد.

لەگەڵ پێکی سێیەم چاوەکانی لێک نا و ملی بەسەر دەسکی قەنەفەکەدا لارکردەوە و خەو بردییەوە.

منیش بە پەلە دوا چۆڕی ناو پەرداخەکەم هەڵدا و بەرانبەری خەو بردمییەوە.

کە بە ئاگا هاتم، کاتژمێری سەر دیوارەکەی بەرانبەرم لە نۆی بەیانی تێپەڕیبوو، هەردوو چاوم هەڵگلۆفت، پەرداخ و قاپ و میوەکان وەک خۆیان، لەسەر مێزەکە لا نەبرابوون.

هاوارم کرد

+ گوڵەباخ، وەڵام نەبوو، بە هەر چوار دەوردا ڕوانیم، کەسم نەدی، بەڵام زایەڵەی دەنگی لە هەموو سووچێکی ماڵەکە دەهاتە گوێم.

بێ ئەوەی ماڵاوا بکات، جێی هێشتم، ئازارێکی دیکەی لە دەفتەری یادەوەرییەکانمدا تۆمار کرد و بەبێ خشپە بۆی دەرچوو.

دەرگەی ماڵ لەم دیوەوە کلۆم دراوە.

(ئەی باشە لە کوێوە خۆی دەرباز کرد و دای لە شەقەی باڵ.

ئێمە لە نهۆمی سێین، بۆنوبەرامەی ئەو پێرفۆنەی بەسەر سنگ و بەرۆکیدا پرژاندبووی، لە ماڵەکەدا شنەبای دڵ و خەیاڵی مەی و قیژەی نەورەسی کەنار دەریا بوون، ئای کە لە تەنیایی بێزارم و ئازارم بینیوە.

شەوی ڕابوردوو، لە وڵاتی ئێڵ و گوڵەباخ و بەفر و سەهۆڵبەندان تاقە شەوی خۆشیم بوو، دوێ شەو گوڵەباخ کتێبێکی کراوەی پەنهانی ژیانی ڕابوردووی تێدا دەخوێنرایەوە.

لەنێو دنیای خەیاڵاتدا، زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا دەنگی کاک ڕێبوار بوو، وەک هەورە برووسکە لە تەوقی سەرم بدات وتی:

– گوڵەباخ تۆخۆش، فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوار و بەسەر ڕوومەتمدا چۆڕاوگەیان بەست، هاوار لە قووڵایی ناخمەوە بەرز بووەوە، فرمێسک بووە ئاوازی دەربڕینی خەم و ئازار، دواتر لە کاتی بە خاک سپاردن و ڕۆژانی ماتەمی پرسەدا وەک تەختەی سەرئاو شەپۆلی خەم دەیهێنام و دەیبردم.

دوای شەوێکی تاریکی ئاسمان پڕ لە هەوری ڕەشی ناوەخت، دەمەوبەیان زەنگی دەرگەی دەرەوە بە ئاگای هێنام، کە دەرگەم کردەوە پۆستەچی نامەیەکی ڕادەست کردم، دەستم بە خوێندنەوەی کرد و تێیدا هاتبوو.

سندووقی ژمارە ١٩٥٧ لە پۆستەی ناوشار، بە ناوی گوڵەباخ لای ئێمەیە و بە گوێرەی ئەو گرێبەستەی هەیە ناو و ناوونیشانت لای ئێمە نووسراوە و تەنیا تۆ دەتوانیت ئەم سندووقی پۆستەیە بکەیتەوە و ئەوەی تێیدایە بووەتە موڵکی تۆ.

بە ئامادەبوونی بەرپرسی دەزگاکە، بە پەلە خۆم گەیاندە شوێنی دیاریکراو، دەرگەی سندووقی ژمارە ١٩٥٧ کرایەوە، ئەوەی تێیدا بوو، نامەیەک و قوتوویەکی هێندەی قوتووی شقارتەیەک، وەرم گرت و لەسەر پارچە کاغەزێک واژۆیان پێ کردم، کە نامەکەم خوێندەوە، نامەیەکی پڕ ئەوین، لیپاولیپ لە عیشق و سۆز، لە دامێنی نامەکەدا نوسرابوو ئەم ئەڵقانە پەیمانی دڵدارین، یەکێکیان پڕ بە قامکی خۆم و ئەوی دیکەیان پڕ بە قامکی تۆ، بە بیرم مەکە و لە ئەنگوستی دەستی ڕاست دانەماڵی، ئەڵقەکەی منیش لە شوێنێکی ئەمیندا ستار بدە.

نەوزاد بەدەم چا خواردنەوە و مژی جگەرەوە هەموو گیانی کردبووە گوێ و لەگەڵ گێڕانەوەکەی دیار، سیمای دەم و چاوی دەگۆڕان، لە کۆتاییدا وتی:

– بەڵێنی پیاوی ئازاد، قەرزێکی گەورەیە لە ئەستۆ، دیاریش بەدەم ئازارێکی قووڵەوە:

+ پەیمان نوێ دەکەمەوە، لەسەر دەستی تۆ و لە بەردەم مەزاری ئەو، وەسیەتەکەی جێبەجێ بکەم.